# ڕاپرسی کوردستانی عیراق، دەسکەوتەکان و زیانەکانی

لە برواری ٢٥ مانگی سپتامبر سالی ٢٠١٧ راپرسی گشتی لە کوردستانی عیراق ( باشور) بەرێوەچو. بە پێیی ڕاگەیاندنی کوموسیونی هەڵبژاردن ٩٢٪ لە بەشداربوان، بە سەربەخۆیی کوردستانی عیراق دەنگیاندا. کەم نەبون ئەو کەسانەی لەسەر ئەو باوەرە بوون کە زەمینەکانی بەرێوەبردنی ئەم پرسە گرنگە سیاسیە (راپرسی گشتی بو سەربەخۆیی) ئامادە نەبوە و زۆرکەس لەو باوەرادا بون کە ئەگەری سەرکەوتنی ئەم پرسە زۆر کەمە. جێگەی خۆیەتی دوایی روداوەکانی راپرسی ئاکامەکانی، دەسکەوتەکانی، و زیانەکانی بخرێتە بەرچاو بۆئەوەی ببێ بە دەرس بۆ هاتنە گۆری هەمان مەسە لەداهاتودا.

چاو خشاندنێك بەسەر کۆمەڵگای عیراق و کوردستان بەتایبەتی

چۆنیەتی دروس بوونی وڵاتی عێراق و دابەش بوونی کوردستان بە پیێ ڕێکەوتنامەی سایکس- پیکۆ، جێگەی ئەم باسە نیە . ئەوەی وا جێگەی باسە و لە سەر ئەم روداوەی تازە کاریگەری بوە ئەوەیە کە لە ڕەوتی پێك هاتنی وڵاتی عێراق هەرگیز پرس بە دانیشتوانی نەکراوە و سیاسەتێك بۆە کە لە سەرەو لە لایەن زلهێزەکانەوە بە سەریاندا سەپاوە. هەربەم بۆنەوە چ ئەوکاتەی ناسیونالیسمی عەرەب بەژەوندی بارێزگاری لە ولاتانی عەرەبی لە بەرچاو بوە و چ ئێستەش کە بە جیهانی بونی سەرمایەداری و سیستمی بازاری ئازاد، بەرژەوەندی بەرتەسکی لەبەرچاو نیە و هەوڵ ئەدا لە چوارچێوەی وڵاتانی عەرەبیەوە تێپەر بێت، ڕەوتی ڕوداوەکان لە سەرەوە دیاری ئەکرێت، تەنانەت ئەگەر بە قیمەتی شەر و وێرانی تەواو بێت .

ئەم جۆرە لە گۆرانکاریە شەرایەتێکی پێك هێناوە کە هێشتا هەندێك ئاسەواری سەردەمی دەرەبەگایەتی و عەشیرەتی لەم کۆمەڵکا ماوەتەوە و لە سەر روداوەکان تائسیریان هەیە. ئێستاش سەرانی هۆز و عەشیرە دەسەڵاتیان هەیە و زۆرجاریش بریار ئەدەن. تەنانەت دەسەلاتێکی وەکوو ئامریکاش، لەسەر دەوری هوزەکان و عەشیرەکان حیسان ئەکات و لەبەرچاوی ئەگرێ. ئەگەرچی کومەڵگای کوردستان جیاوازی تایبەتی لەگەڵ باقی شوینەکانی عیراق بوە بەڵام ئاسەواری ئەو تایبەتمەندی کەم و زۆر لە کوردستانیش بەرچاو دەکەوێ.

پێك هاتنی سیستمی سەرمایەداری لە عیراق

هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد ئاڵوگۆرەکانی کۆمەلاتەتی لە وڵاتی عیراق وەکو زۆربەی وڵاتانی رۆژهەلاتی ناوەراست لە ژێر کاریگەری گورانکاریەکانی دەرەوەی ئەو وڵاتە لە جیهانی سەرمایەداری دابۆە نەك لە ئاکامی گەشەی کۆمەلایەتی ناوخۆی ئەو وڵاتە .

تایبەتمەندی بەرهەم هێنان و پیشەسازی نەوت لە پێشرەفتی سەنعەت لە کۆمەڵگای سەرمایەداری لە ئاستی جیهاندا، وڵاتانی خاوەنی نەوت لەوانە عیراقی کرد بە یەکێك لە ولاتانی تاکە بەرهەم و تەماحی وڵاتانی زل هیز بۆ دەس بەسەر راگرتنی ئەم وزە بۆ دەسەڵات لە عیراقدا زیاتر کرد. هەربەم بۆنەوە وڵاتی عیراق بەدرێژایی سەد ساڵی رابردو بو بە کانگای کیشمەکشی ولاتانی زل هێز .

چینی کرێکار لەم وڵاتە بێ تاسیر لە ئاڵوگۆرەکانی سیستمی کۆمەلایەتی نەبوە. ئەم چینە بە گشتی، لەو ناوچانە سەقامگیر بوون کە وزەی نەوت بەرهەم دەهات، لە شوێنەکانی تری عیراق چینی کرێکار پرژ و بڵاو بون. رێکخراوە کرێکاریەکان نەیانتوانیوە سەربەخۆ و ئاشکرا رۆڵ بنوێنن. حیزبی سیاسی کە لە سەر بنەمای خەبات و بەرژەوندی چینی کرێکار پێك هاتبێ تا سالەها بونی نەبوو. تەبعەن ئاسەوارەکانی نەریت و کولتوری هۆز و عەشیرە لە سەر چینی

کرێکاریش بێ تاسیر نەبوە و وەك رێگرێك لە پێشکەوتنی ئەم چینە بۆ بە دەس هێنانی ئامرازەکانی رێکخستن بون.

هێزی سیاسی بە تایبەت هێزی چەپ لە عیراق و کوردستان

بەدوای ململانەیی ولاتانی زل هێز لە عێراق بۆ بەرژەوندیەکانی ئابوریان، هەوڵیان داوە هەرکام لەم هێزانا لەسەر هێزەسیاسیە هەڵسوراوەکان لە ساحەی سیاسی عێراق و کوردستان دەور بنوێنن. بەرچاوترین ئەم هێزە لە ئاستی عێراقدا ئەتوانین بە حیزبی شیوعی ئاماژە بکەین. ئەم حیزبە لەژێر تاسیری حیزبی کومونیستی ئیتحادی شورەوی ( یەکیتی سوڤیەت) لە ساڵی ١٩٣٤ پێکهات و عەبدولکریم قاسم سەرۆك کۆماری ئەوکاتی عیراق کە خۆی مەیلی بەلای سۆڤیەتەوە بوو رێکەی بو گەشە کردنی ئەم حیزبە خۆش کرد. هەرچەن ئەم حیزبە دوای هاتنە سەرکاری حیزبی بەعس ژمارێك لە کادرەکانی لەدەسدا بەڵام دواتر لە کوردستان هەڵسورانی سەرەکی درێژە پێدا. لە کوردستان حیزبی سەرەکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو دوای ١٩٧٤ یەکیەتی نیشتمانی کە لەناویاندا چەن رۆشنبیر کە مەیلی چەپیان بو دروست کرا. هەرچەن ئەم کەسایەتیانە نەیان توانی رەوتی "چەپ" لە یەکیەتی نیشتمانی بچەسپێنن بەڵام لە چاو پارتی سیستمێکی دیموکراتتیان پێك هێنا کە دواتر لە سوسیال دیموکرات نزیك بونەوە. ئەم هیزانە وەك هێزە سیاسیەکانی عیراق بێ تاسیر لە فەرهەنگی دەربەگایەتی و عەشیرەیە نەبون و ساحەی هەڵسوراویان گوندەکان و دیهاتەکانی کوردستان بو کە هۆز و عەشیرە تا ئیستاش حوکم ئەکات. پێش لە روخاندنی رژیمی بەعس لە ساڵی ١٩٩٣ی زاینی هەندێك رۆشنبیری چەپ لە ژێر تاسیری حیزبی کومونیستی ئیران کە ساڵی ١٩٨٣ پێك هات، هەڵسورانیان  ئەکرد. ئەم رۆشنبیرانە پێگەیەکیان لە ناو چینی کرێکار دا نەبوو. لە کاریگەری دانان لە سەر کێشە کۆمەلایەتیەکانیش دوور کەوتنەوە. بەرە بەرە لە گەڵ شەپۆلی کۆرەوی لاوان  بەرەو دەرەوەی وڵات ئەوانیش ناوەندی سەرەکی کار و تێکۆشانی خۆیان گواستەوە بۆ دەرەوە. ئەوە لە حالێکدا دابوو کە بوار بۆ فەعالیەتیان لە ناوەوەی وڵتیان لێ نەبسترابوو. دواجاریش کە تاك و تەرا گەرانەوە، نەیان توانی ئە فرسەتانەی کە لە دەستیان دابوو بە دەستی بێننەوە .

سەربەخۆیی بۆ کوردستان

مەیلی سەربەخۆیی بۆ کوردستان خواستێکی واقعیە کە لە ناو خەلکی کوردستان بە تایبەت لە کوردستانی عیراق زۆر بەرینە. ئەمەش بەهۆی سەرکوتی درندانەی حکومەتی ناوەندیەوە بەدرێژەی خەبات لە کوردستاندا شکلی گرتوە. ئەنفال، سوتاندنی شارەکان و گوندەکانی کوردستان، بوردمانی کوردستان بە هەرنوع چەکی کۆمەڵ کوژ وەك بومبی ناپالم، ، کیمایی و دەیان نەوعی سەرکوت بێ پسانەوە نەك بە خەلکی کورد بەلکو لە ئاستی نێونەتەییش ئەم حەقەی بۆ گەلی کورد بە حەقێکی رەوا ئەبینن.

هێزی سیاسی لەکوردستانی عیراق لە درێژەی هەڵسورانی دەیان ساڵەیدا زۆرجار لەگەڵ دوژمنانی خەلکی کوردستان ژێر بەژێر سازان و هەلس و کەوتی کردوە کە هۆکاری سەرکی ئەگەرێتەوە بۆ ناشەفای سیاسی لە گەڵ خەلکی کوردستان. دوژمنانی خەلکی کورد بە هۆی ناسینی رێبەری ئەم هێزانەوە هەمیشە لەم نەوعە سازانی ژێر بە ژێرە کەلکی وەرگرتوە و توانیویەتی ئەم بزوتنەوە کە لەسەر خواستی رەوای خەلکی کوردستان پێك هاتوە، شکست پێ بێنێ. ئاوارەیی هەمو خەلکی کورستان لە ١٩٧٤-٧٥ دوایی سازانی دەولەتانی ئێران و عیراق لە ئەلجەزایر، هاوکاری لەگەڵ هێزی کوماری ئیسلامی لە شەری مالوێرانکەری ئێران و عێراق و بوردمانی کیمایی شاری هەلەبجە، رەوەکەی ساڵی ١٩٩١ کە لە جیهاندا دەنگی داوە، پاشەکشە لە سنگەرەکانی کەرکوك ٢٠١٧ ، هەمو نمونەهایێکی دزێون لە هەڵسوکەوتی ئەم هێزانە لە گەڵ سەرکوتکرانی خەلکی کوردستان.

حیزبی سیاسی له کوردستان عیراق چ ئەو کاته له دەسەڵاتدا بوە و چ ئەوکاتەش له شاخ، بەبێ ئاگاداری خەلك پیمانیان لەگەڵ دەولەتانه بەستوه که دابین کردنی مافی چاره نوسی خەلکی کورد هەر گیز له بەرژەوندیان دا نەبۆه.

ڕاپرسی کشتی بۆ سەربەخۆیی

پێشتر ئاماژەم پێ کرد که هەل و مەرجی رفراندوم و چونه پای مەسەلێکی ئاوا موهیم پیویستی به ئاماده کردنی خەلك بۆ هەر چەشنه روداوێکی نەخوازراوی دواتر چ له باری ئابوریەوه و چ له باری سەربازیەوه بو. پرسیار ئەوەیه که ئەم وەزعەی وا ئێسته هاتوەته گۆرێ له نەتیجەی ڕاپرسیەکەی ٢٥ مانگی سپتامبر بوو؟ به تەئکید ئەوه نیه. پرۆژەی گەرانەوەی هیزی پێشمەرگه بۆ سنورەکانی ٢٠١٤، هەناردەکردنی نەوتی کوردستان له رێگەی حکومەتی ناوندیەوه، ناردنی پارەی گومرکەکانی دەروازه سنوریەکان و زۆر شتی دیکه تەوافوقاتێك بوه که پێشتر سەرکردایەتی سیاسی کورد (به بێ ئاگاداری خەلکی کوردستان له وردەکاریەکانی) لەگەڵ حکومەتی ناوندی بەستویەتی بەڵام هەرجار به هۆی هاوسەنگی سیاسی ناردواته ژێر پێ. مەبەست ئەوەیه هەمو ئەو مەرجانەی که ئێستا حکومەتی ناوەندی عێراق بۆ هەرێمی کوردستانی داناوه رێبەرانی سیاسی کورد پێشتر له ساڵی ٢٠٠٣ سەلماندویانه. کەوایه هیچ پێوەندی به راپرسی گشتی نەبوه.

دەسکەوتەکەن ئەم ڕاپرسیه چی بوون؟

بانگەوازی راپرسی له رۆژی ٢٥ مانگی سپتامبر دا له هەرلایەنێکەوه بوبێت ئاکامەکەی ئەوەی سەلماندوه که خەلکی کوردستان چتر نایەوێ هاو چارەنوسی ئەو هەمو شەر و ماڵوێرانیه، ئەو هەمو گەندەڵی حکومەتیه له هەمو بوارێدا، و سەرکوت کردنی کەمایەتەکان به نەتوییەوه و مەزهەبیەوه بێت. ئەگەر ئەم ڕاپرسیه هەڵوەشێتەوه یان هەڵسپردرێ هیچ جیاوازی و فەرقێکی له بریای خەڵکدا نادا.

هەروەها ئەم ڕاپرسیه به جوانی دۆست و دوژمنی خەلکی کوردستانی دەرخست. ئەگەر پێشتر دەگوترا که ئەوه ئەمریکا بوو، کوردی نەجاتدا پیشانیدا وا نیه. ئامریکا به دوای بەرژەونەبدی خۆیەتی و ئەگەر ئەم بەرژەوەندیه زیان ببینێت نەك هەر کورد بەلکو خەلکی ئەمریکاش ئەکاته قوربانی. لەیردا باسی ئەمریکا ئەکەین که هیچ پارچەیێکی کوردستانی له خۆ نگرتوه. جاکەوایه چۆن تورکیه، ئێران، سوریه چاویان بەرایی ئەدا پارچێك له کوردستان سەربەخۆ بێت و ئەوان بیسەلمێنن؟ !

دەسکەوتی هەره گرینگی ئەم راپرسیه بەشدار و پشتیوانی هەمو خەلکی کوردستان چ له ناو خۆی کوردستانی عیراق و له پارچەکانی دیکەی کوردستان، و کوردان له هەندەران بو. بەواتێك ئەمه له هەمان کاتدا حەرکەیێکی جەماوەری بو که دەکرا باشتر لەوه وا بوو رێك بخستراێت.

دەسکەوتی دیکەی ڕاپرسی چۆنیەتی هەڵسوکەوتی سیاسەتمەدارنی کورد لەداهاتودا دەبێت. شایەد بگوترێ ئەمه یەکەمجار نیه و هەمیشه ئەم سیاسەتمەدارانه به چاره نوسی خەلکەوه ماعامەلەیان کردوه. به بروای من شەرایتی ئێسته له گەڵ رابوردو له زۆر بابەتەوه جیاوازه.

1. دنیا ئەمرۆ بۆ گەیاندنی هەرچەشنه زانیاری و راپۆرتێك له گەل رابردودا فەرقی کردوه.

2. خەلك هێزی خۆیانیان ناسیوه و ئەمه پێوەندی به هێزی خەلك له ناوچێکی دیاریکراو نیه پێوەندی به دیتنی سەرکەوتنی خەلکه له هەر بەشێکی ئەم جیهانه.

3. ئەگەر جاران بە تایبەت لە کوردستانی عیراق ئەوە پیاوان بون کە ئاڵوگۆڕەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتیان ئەگۆڕی، ئێستە ژنان هێزی بەرچاوی ساحەی سیاسین

4. دەوری گەنجان لە روداوەکاندا زۆر بەرچاوە و لەداهاتوشدا دەتونن دەوری گرنگیان بێت

هەروەک باس کرا چەن فاکتۆری گرینگ لە روداوە سیاسیەکاندا ئەبێت لەبەرچاو بگیرێن بۆ بە سەرکەوتن گەیاندنی هەر حەرەکێکی کۆمەلایەتی. بەشداری بەرینی خەلک بەتایبەت چینی کرێکار و زەحمەتکیش و ئەو چین و توێژانەی کە هەڵاواردنیان لە سەرە وەک ژنان، گەنجان. پێوەندی پتەوی رێکخراوە سیاسیەکان لەگەڵ جەماوەر و ئامادەکردنیان بۆ بەرەنگار بونەوە لە بەرانبەر هەر خەتەرێک کە ئەم بزوتنەوە بکاتە ئامانج. لەبەرچاو گرتنی هەرچشنە مەترسێک کە بەرۆک بە بزوتنەوەی جەماوەری بگرێت، چ لەبارەی ئابورییەوە و هەروەها ئامادەیی جەماوەری بۆ بەرگری کردن لە بەرانبەر هەر هێرشێکی نیزامی.

بە بروای من هەرچیەك روبدا ڕاپرسی وەك کارتێکی براوە بەدەس خەلکی کوردستانەوەیە بۆ مامەلە کردن لە گەڵ نەیەرانی کورد لە هەمو پارچەکانی کوردستان.

مەحیەی ئیرجی

٥/١١/٢٠١٧